# هونەر وەك لیکولّەرەوە لە کلتوری خویدا

کاریگەریی ئێتنۆلۆژی بە سەر هونەری ڕۆژئاواوە لە مۆدیرنەوە هەتا ئیستا بە تایبەتی بابەتی "ئەوی دی"

ئێتنۆلۆژی لە سەرەتادا وەك زانستێك بو لێکولّینەوە لە گەلان و کلتورەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوا دروستبوو. لێکۆلّەرە ئێتنولوژەکان, بە سەفەری زانستی دەچوونە ولاّتانی دی وە زانیاریان لە سەر ئە ولاّتانە کۆئەکردنەوە, بەلاّم ئەو زانایانە لەرێی ئەزمونی پێشوەختی خویان لێکۆلّینەوەکانیان ئەنجامداوە, نەك لەرێی تێکەلّبوونی کۆمەلاّیەتی لەگەلّ ئەو شوێنەدا. بۆیە ئەم بەریەککەتنە لە شیوەیەکی پاسیڤدا خوی دەبینێتەوە, بەشێوەیەکی تر دەتوانین بلّێن کە دەبێت دروست بونی ئەم زانستە لە سەرەتادا لە گەلّ دروست بونی کۆلۆنیالیسمدا ببینریتەوە. کە لە و ساتەدا کلتوری خورئاوا خوی وەك تاکە کلتورێکی شارستانی و سەنترال دەبینییەوە, کلتورەکانی تری دەرەوەی خوی وەك مێژویەکی کونی ئەو میژووە شارستانیەی خویی سەیر دەکرد. کلتورەکەی وەك دەرئەنجامی کۆتایی ئەو مێژووە دەبینێتەوە. کاتیك باس لە کلتوری ئەوانی دی دەکرێت وەك نامۆ, کێوی یان سەرەتایی ناودەبران, بە دستانسێکەوە مامەلّەی لە گەلاّدا دەکردن. بەلاّم ئەوەی لەم نوسینەدا کاری پیدەکەین ئەنترووپولۆژی ستروکتەلستیە لای کلود لیڤی شتراس و میشیل فوکو .

شتراوس لە سەفەرەکانی بۆ دەرەوەی خورئاوا بە تایبەتی لە لێکولّینەوەکانی لەسەر ولاّتانی ئەمەریکایی باشور, بە دیدیکی جیاوازتر لە ئێتنولوژەکانی پێش خۆی لە ناو زانستی ئێتنۆلۆژیدا کاریدەکرد. ئەم لە بەرکەوتنی لە گەلّ کلتورەکانی تردا بە دوای دوزینەوەی مێژویەکی کون یان ونبوودا ناگەری کە هزری زانستی خورئاوا لە سەرئەوان دروستی کردوە. بەلّکو دەیەوێت لە ناو جیاوازیەکانی ئەو کلتورەی کە تێیدا نیشتەجێیە پەیوەندی بدۆزێتەوە نەك وەك کلتوریکی نامۆ و سەرەتایی سەیر بکرێت. لە کتێبی ( فکر بری) دا شتراوس باس لە جیاوازی لە نیوان هزری زانستی وە هزری ئەفسانەیی دەکات, کە دوو پرۆسەی هۆشین وە هەردووکیان سیستەمێکی خویان هەیە کە کار لەسەر دەکەن. نەك هزری زانستی شیوەیەکی پیشکەوتوتری هزری ئەفسانەییە "جادوو و زانست دوو جۆری مەئریفەن لە رووی سەرئەنجامە تێۆریی و پراکتیکییەکانیانەوە یەکسان نین بە یەکتری, بەلاّم ئەم نایەکسانیانەیان جۆری پرۆسە هۆشەکییەکانیان ناگرێتەوە کە پیشمەرجی هەردووکیانن و کەمتر بە گوێرەی سروشتیان لە یەکتری جیاوازن, بەلّکو بەهۆی ئەو تەرزانەی دیاردەوە کە ئەوان روویان تێدەکەن, لەیەکتر جیادەبنەوە." (١) جیاوازیەکە لا شتراوس ئەوەیە, کە بەرهەم هینانی هزری زانستی هەردەم لە ناو مێژووی چەمکەکانی خویەوە سیستەمیك بەرهەمدێنێت, بەلاّم هزری جادوویی لە ناو رووداوەوە رۆژانییەکانیەوە لە گەلّ بیرەوەری ( جمعی) سیستەمیك دروست دەکات. کەواتە ئەم دوو جۆرە هزرە هەردووکیان بە جۆرێکی جیاواز سیستمێك بەرهەم دینین. لێرەوە کلتورەکانی تر " ئەوانی دی" وەك سەرەتایی سەیرناکرێن, چونکە ئەوان هزریکی سیستیماتیکی بەرهەمدێنین, لە شوین و کلتوری خویاندا تیرمانیان لە گەلّ دەورەبەریخۆیاندا هەیە و لیکوینەوە دەکەن. لیرەوە شتراوس ئەو مێژووە هەلّدەوەشێنیتەوە کە هزری زانستی خورئاوا دروستیکردوە کە خوی بە تاکە سەرجاوەیەکی زانین, لە هەمانکاتدا کلتورەکانی دی وەك هزری جادووی ئەفسانەی بینیوە. شتراوس ئەو دیستانسە لەگەلّ کلتورەکانی دەرەوە خورئاوا ناهیێت وە "ئەوی دی" وەك نامویەك لە دەرەوەی خوی نابینیت بەلّکو وەك پێگەیەکی جیاوزتر لە دەرەوەی خوی, هەروەها هزری زانستی کلتوری خورئاواش بە تەنها برهەمهینەری راستی دانانێت, جونکە راستی خوی هیچ سەرچاوەیەکی ئۆرگینالی نیە, هەموو کلتوریك توانای بەرهەم هێنانی راستییان هەیە. هەر بونیادیك بو راستی دەبێت لە ناو ئەو پەیوەندیە سیاسی, کلتوریی و سوسیلۆژیەی کەتێدا بەرهەم هاتوە بخوێنرێتەوە.

یەکێکی تر لەو گورانکاریانە بە سەر ئیتنولۆژی و بە تاییەتی بابەتی "ئەوی دی" هات, لەرێی تیزەکانی مشیل فوکوە یە. جیاوازتر لە شتراوس فوکو هەوڵ دەدات "ئەوی دی" بە تەنها فینۆمێنیك نیە کەلەرێی مامەڵەکردن لە گەڵ کلتورەکانی دەرەوەی خۆی دروست بوبێت, بە ڵکۆ دەیەوێت دروستبونی وێنەی "ئەوی دی" لە ناو میژووی زانینی هزری راشنالێتی خۆرئاوادا بدۆزیتەوە.
دروستبونی وێنەی "ئەوی دی" بەتەنها دیدێك نییە کە بۆ کلتورەکانی دی بەرهەمهاتبێت, بەڵکو لە هەموو ئەو هزرە جیاوازانەی لە مێژووی کلتوری خویدا لە رێی هزری راشناڵتییەوە سەرکوت کراون ئامادەن. فوکو لە لێکۆڵینەوەکانی لەسەر میژووی دروسبوونی نەخوشخانەی دەرونی, بەندیخانەکان دەیەوێت میژووی دروستبوونی دەسەڵاتی زانین لە بوارە جیاوازەکانی زانست بخاتەروو. هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی مێژوەی هزری راشناڵێتی دەدات کە خوی وەك تاکە هزرێکی جیهانی و ئورگینال دەبینیتەوە. بۆ فوکو مێژووی ئەو هزرە لە گەڵ دروستبونی مێژووی سیاسی و دەسەڵات جیانەکریتەوە.
بە شێوەیەکی تر ئەتوانین بڵێین لای شتراوس ئێتنۆلوژی وەك لیکوڵینەوە لەسەر ئەویدی ئەمێنیتەوە بەڵام لە ناو جیاوازیەکاندا کاردەکات نەك گەرانێك بێت بە دوای راستیەکدا. لای فوکو دیدی ئێتنۆلوژی ئەگەریتەوە ناو کلتوری خوی وێنەی "ئەوی دی" لە ناو مێژووی دروستبوونی کلتوری خویدا ئەدۆزیتەوە, ئێتنۆلۆژی ئەبێتە میتودیك بۆ لێکۆڵنەوە لە کلتوری خۆیدا.

ئەگەر بە دیدەی فوکو باس لە کارکردنی هونەریی بکەین, دەبێت پێشوەخت لە دروستبوونی میژوویی هونەری خۆرئاواوە بکۆلینەوە. باسکردن لە هونەر خورئاوا بەبێ خوێنندنەوەی مێژوویی و دەخستنی پەیوەندی هونەری لەگەڵ مێژووی سیاسیەکەی جیاناکریتەوەو " کیشەکە بە روونی ئەوەیە بۆمان ڕونبیتەوە کە چ کاریگەریرکی دەسەڵات لە نێو گوتە زانستی و ئیشە هونەریەکانماندا لە گۆڕێدان. مەسەلەکە روو دەکاتە رێکخستنەوەیەکی نوێی دیرسکۆز لە هونەردا(,,,,) مەسەلەکە ئەوەیە کە سەرجەم ئۆسەمبلی(تاقمی!) پراکتیکەکان لە هونەردا کە دەسەڵات زامن دەکەن, بخرینە ژێر پرسیارەوە. ئاخر ئاشکرایە کە هونەر شوێنی ئازادی, شوێنی راستی و رەهای نییە, بەڵکو هونەر پراکتیکێکە کە بە ریزێك دامەزراو و زەرووەرەی سیاسیەوە, ریسای کۆمەڵایەتی و میکانزمی ئابورییەوە, بەندە و بەبێ ئەوان لە گۆرێدانابێت" (٢)

هونەری مۆدێرن بەوە ئەناسرێتەوە کە سنورەکانی هونەر و ناهونەر تێئەپەڕێنیت, پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی سنورەکانی خوی و دیسپلینەکانی تردا هونەر خۆی دووبارە نوێ کردۆتەوە. ئەم گورانکاریە لەکاتێکدایە کە چ لە زانستی دەرونناسیدا بابەتی "ناخودئاگا" وە چ لە زانستی ئێتنۆلۆژی دا بابەتی "ئەوی دی" یەکێکن لە سەرەکیترین بابەتەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم.
ئەتوانین لێرەدا باس لە دوو ئاستی گرنگی ئەو گۆرانکاریە بکەین: لەسەر ئاستی دەرونناسی کە پەیوەندیەکی راستەوخۆ لەگەڵ هونەرمەندە سوریالیەکاندا هەیە لە ئاوردانەوە بۆ ناو بابەتی ناخودئاگا و خەو بۆ نمونە لەگەڵ تێزەکانی سگمۆند فرۆید. لە سەر ئاستی ئیتۆلوژی لە سەردەمی کولونیالیزمدا کلتورەکانی تری دەرەوەی ڕۆژئاوادا بووبە شوینی لکوڵینەوەی زۆر لە زانستەکان سروشتی, بوتانیك, ئەنتروپولۆژی, ئیتنولۆژی. زوربەی ئەو گەشتە زانستیانە هونەرمەندیان لە گەڵ دابووە. لە هەمانکاتدا موزەخانەکانی ڕۆژئاوا زۆر لە فۆڕمی کلتورەکانی تر نمایش دەکات کە لەریی پرۆسەیی کولونیالیزمەوە بۆ موزەخانەکان گویزابونەوە. پێشاندانی ئەم کارە جیاوازانە بۆ دیدی هونەرمەندانی ئەڤەنگارد لە خۆیدا پیشاندانی چەند پێگەیەکی ترە جیاوازتر لەمێژویی ئیستیتیکی هونەری ڕۆژئاوایی.

گرنگی ئەو دیدە تازەیە لەوەدایە کە هونەرمەندانی ئەڤەنگارت لە دۆزینەوەی پوزیسیۆنێکی ئیستێتیکی تر, مێژووی هونەری نوێی خورئاوا وەك یەکیك لەو پۆزیسیونانە ئەبینن. کەواتە بۆ یەکەمجار هونەری خورئاوا خوی لە دەرەوەی پۆزیشنی خویەوە سەیریی هونەری خۆیان دەکەنەوە , هونەر لەناو پەیوەندیە سیاسی ,کلتوری و کۆمەڵایایەتیەکاندا بە شێوەیەکی تر دە خوێندرێتەوە.
مانیفێستی سوریالیەکان لە ١٩٢٤(٣) رەخنەیەك بو لە هزری ڕاشونالەتی کلتوری خورئاوا کە ئەم هزرە وای لە کلتوری خورئاوا کردووە هەموو نادیارەکانی ناو کلتوری خوی ,ناخودئاگا, خەو, ئەفسانەی رۆژانەیی لە ریی هزری لوگیکییە وە بەبێ بایەخ سەیربکات. ئەم کرانەوەیەی سریالیەکان بەتەنها لە سەرئاستی سایکولوجی سوبیەکت نەبوو لە دوزینەوەی ناخودئاگا, بەڵکو لە هەمان کاتدا گوڕانکاری بوو بە سەر شوێنی گەرانی هونەر. لەلایەکەوە گەرانەوە بوناو ڕۆژانەی مرۆڤ خۆی بە هەموو لا نادیار و شاراوەکانیەوە, نەك وەك ئەو دیدە راشونالیەی مۆدیرنە. لە لایەکیترەوە گرنگیدان بە کلتوری وڵاتانی دەرەوەی خۆرئاوا کە تا ئەو ساتەش وەك کلتورێکی پریمیتڤ سەیردەکران.
مانیفێستی سوریالیەکان لە هەمان کات دا رەخنەگرتن لە دیدی سەنترالیزمی ئەوروپی کە لە سیاسەتی کۆلۆنیالیزم خویدەبینیەوە, کە هونەری وڵاتانی دەرەوەی خورئاوا بە دیدیکی "ئێکزۆتیك" سەیر دەکران کە ئەم دیدە تا سەرەتای دروسبوونی سریالیەکانەوە هەر مابووەوە, کە وینەی "ئەوی دی" لە کارە هونەریە کانیاندا وەك نامۆیەك پیشاندراوە "گەشتی هۆشەنگی بۆ ناوچەی خەونەکان, ناوچەی پێنەزانراو(نەست) یان بو ئەو جیهانانەی وێناکردن کە بە ڕیی ئاورای شاعیرانەی بابەتەکانەوە بەرهەم هێنراوە, پێویستی بە گەشتێکی ریال نەبوو بۆ ناوچە بیانییەکان. ئەزمونکردی هاوشێوەیی و جیاوازی, هینی ناسراو نامۆ, ئێرە و جێی نامۆ(دیکە) لە سوریالیزمی بیستەکاندابە زوریی بە پاریسەوە پابەند مایەوە. ئەم "پاریسەی سوریالیستەکان" سەرەتا هەتا رادیەکی تیرکەر شتی نامۆ( واتا ئێکزۆتیکی) پیشکەش دەکرد"

لە ١٩٢٩ میشایل لایرس(Michel Leiris) لە دوای هاتنەدەرەوەی لە گروپ سوریالیکان وەك ئەنترۆپۆلۆگێك کاریدەکرد, لەگەڵ چەند سەفرییەکی زانستی دا دەچێت بو ئەفەریقا لە وێوە لێکۆڵینەوە لەسەر سەفەرەکی ئەکات, بەڵام لە هەمان کاتدا وەك هونەرمەندێك خۆی دەبینێتەوە.
ئەم پەیوەندیە لەگەڵ ئێتنولوژیەکاندا کردنەوەی سنورەکانی هونەرە بوناو شوینەکانی تری کۆمەڵگا, هونەر ناتوانیت بەتەنها بە کیشە ناوەکیەکانی خویەوە خەریکبیت. بە ڵکو لە پەیوەندی بە بەشە زانستییەکانی ترەوە خوی دەبینێتەوە .لیرەوە شوینی تیگەیشتن لە هونەر لەناوەوەی خوی بەرەو دەرەوە خویی ئەکاتەوە, تێگەیشتن لە هونەر بە تەنها پەیوەست بە جیهانی هونەر خویەوە نییە, بەڵکۆ لە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆدایە لە گەڵ کیشە سیاسی, ئابوری و کۆمەڵایەتیەکاندایە.

وەرچەخانی دیدی هونەری لە سوریالیستەکاندا کاریگەریکر گەورەی بە سەر هونەری شەستەکانەوە هەیە, لە دوای شەستەکانەوە بە تایبەتی لە کونسیپت ئارت دا, بەشێوەریکی راستەوخۆ خۆی لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتی ,زانستی و دەسەلات ئەبینێتەوە, تێگەیشتن لە هونەر نابیت لەو سیستەمە سوسیۆکلتوری, سیاسییەی کە ئەو هونەری تیدا بەرهەم هاتوە جیابکریتەوە. مانای هونەر پەیوەندی بە شوین و کۆنتیکستی بەرهەمهینانەوەکەیەتی. لیرەدا هونەر ئەچێیتە ناو شوێنەگشتیەکان, دامەزراوەکان, کارگەکان و سروشت. ماتریالی هونەر بەتەنها وێنەیەك یان فورمی هونەری نیە کە هونەرمەند وەك خولقێنەرێکی ئوتۆنۆم بو واقع بەرهەمی بهێنێت, بەڵکو ئەو دوکومینتو سەرجاوەو کەرستانەی کە لە ناوواقعدا لە پیوەندیدان لە گەڵ کارەهونەریەکەدا وەك هونەر سەیر دەکریت. "
هونەر دەبێتە جۆرێك لە بەدواداچوون (رێشێرش) بە دواداچوون لە تێگەی ئارشیڤەوە دەردەچێت وە

دیراسەی کەرەسەی سەرچاوەکان دەکات. ئەم کەرەسەی سەرچاوانە دەشێت بریتی بێت لەو شوێنەی کە تییدا هونەر خوی دەبینێتەوە. بەڵام هەروەها دەشێت ئەم کەرەستەی سەرچاوانە لە لایە مێژووی هونەر, دائرەی کار, ئەنستیتوتێکی سۆسیۆلۆگی, مۆزەخانەیەکی ئێتنۆلۆژی, بخرێنە بەردەم, بەڵام ئەوەی لێرەدا کارێکی پێوریيە بریتیە لە میتۆد, بۆ ئەوەی کۆنتێکستەکە, کە تێیدا ئجرا (ئینتەر ڤێنسێوەنە) هونەرییەکان روو دەدەن, بکات بە بابەتی خەریکبوونی هونەری-شرۆڤەیی, بەم رێیەشەوە هونەر دەبیت بە ئامرازێکی خۆچاودێریکردنی کۆمەڵگە,بە ئامرازی رەخنە و شرۆڤەی دامەزراوە سۆسیالەکان"(٥)

یویسف کوسوت(**Kosuth Joseph** ) یەکێکە لە هونەرمەندە سەرەکیەکانی کونسیپت ئارت وە کاریگەریەکی گەورەی هەیە لە سەر کونسبپت ئارتی بەریتانیا و ئەمەریکا. کوسوت هونەر وەك حقلیکی کارکردن سەریر دەکات وەك حقلەکانی تری زانستی, فەلسەفی, رامیاری, ئیتنولۆژی,,, ئەیەویت پێگەی هونەر لەناو ژیاندا بەهیزبکات, راستەوخۆتر لە کیشەکاندا وەك لێکۆڵەرەوەیەك کاربکات . کوسوت هونەر لە ئیستێتیك جیا ئەکاتەوە, هونەر لە مانادا ئەبینێت نەك لە فورمدا. بۆ کوسوت ئەستێتیك پەیوەندی بە کۆنسیپت و شوین و کاتی بەرهەمهینانی کارەکەوە هەیە نەك کاری هونەری لە دووبارە بەرهەمهینانەوەی مێژووی ئستێتیکێکی تایبەت(بۆنمونە مێژووی هونەری خۆرئاوا) یان فورمیکی دیار کراوەوە سەرچاوە بگرێت.

لە ١٩٧٣ بو ١٩٧٤ کوسوت ئەنترۆپولۆژی کولتوری دەخوێنێت , وە لە ساڵی ١٩٧٥ لە ڕۆژنامەی **The Fox“ erschienen Aufsatz „The Artist as Antropologist„**

هونەرمەند وەك ئەنترۆپۆلۆژ دەبینێت, لای کوسوت مانای ئەوەیە کە هونەر دەبێت بو پێداویستیەکانی هوشیاری کۆمەڵایەتی کاربکات وەك لیکوڵەرەوەیەك یان وەك ئێنتروپۆلۆژێك لە ناو واقعدا پێگەی هەبێت , بەڵام لە هەمانکاتدا جیاوازی لە نیوان "هونەرمەند وەك ئەنتروپۆلوژ" وە ئەنتروپۆلوژی کلاسیکدا دەکات, کاتیك ئەنتروپۆلوژەکان لە ولاتیکی دەرەوەی خۆیان ئەکۆڵنەوە , لە دەرەوەی کۆمەلگاوە وەك چاودێرێك لە کلتوری تردا کاردەکەن, بە پێچەوانەوە هونەرمەندی ئەنتروپۆلوژ لە ناوەوەی کۆمەلگادا لە ناو رۆژانی خۆیدا ئە کۆڵیتەوە و بەرهەم دەهینێت, هونەرمەند خۆێ لە ناوسیستیمی کلتوری, سیاسی, کۆمەڵایەتیەی ئە شوینە کە تیدا بەرهەمدینیت خوی دەبینێتەوە نەك لەدەرەوەی وە کایەیەکی ئۆتۆنۆم بە دیستانسێکەوە بروانێتە واقعی ئەوشوێنە.

کاتێك لیڤی ستراوس لە (فکر بری) دا باس لەوە دە دەکات کە هزری زانست خورئاوا تەنها هزریکی رەهاو لوگیکی نییە, بەڵکو کولترەکانی تری دەرەوەی خۆرئاوا بە هەمان شێوە لە رێی ئەفسانە و کایە کلتوریەکانیانەوە دەربرینێکی لوگیگی خویان بۆ جیهان هەیە , شتراوس هەموو بەرهەمە کلتوریەکانی وڵاتانی دەرەوەی خۆرئاوا وەك قوناغیکی سەرەتایی سەیر ناکات, بە ڵکو وەك شێوەیەکی تر لە هزری زانستی خۆرئاوا, ئەوانیش خاوەنی داهێنانن خاوەنی دیدی جیاوازن. کەواتە داهینان و بەرهەمهینانی هزر وەك حالەتیکی گشتی کە پیوەستە بە هەموو کلتوریکەوە , توانی داهینان هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ بونی مرۆڤ دا بونی هەیە.

یەکیك لەو هونەرمەندانەی لە شەستەکانەوە کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر هونەری خورئاوا وە

گەرانەوەی هونەر بۆناو ژیانی ڕۆژانە مرۆڤ یوسیف بۆیس ە, لەو خاڵە سەرەکیانەی کە بویس کار لە سەر دە کات ئەوەیە کە هەموو کەسیك هونەرمەندە, بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنیت کە هەموو کەسێك نیکارکێشە یان پەیکەرسازە, بەڵکو هەموو کەسیك لە سروشتەوە توانای داهینانی هەیە. وە داهینان سەمایەیەکی کومەڵایەتیە, نەك بە تەنها موڵکی لە نوخبەیەکی تایبەتە. هونەر لای بویس وەك پرۆسەیەکی کومەڵایەتی سەیردەکرێت, بەبەشدای کردنی هەموو چینەجیاوازەکانی کومەڵگاوە بەرهەم دێت, نەك لەناو دامەزراوە هونەرییی , گەلەری, موزەخانە,,, بەڵکو لە ناو شوینەگشتیەکاندا, لە هەمان کاتدا دەبێت ئەو دامەزراوە هونەریانەش خویان بە روی خەڵکدا بکەنەوە. لە ساڵی ١٩٦١ دا کاتێك بویس دەبیت بە ماموستا لە ئەکادمیای دوسڵدۆرف لە پولەکەیدا تەنها قوتابیانی تیدا ئامادە نیە, بەڵکو هەموو کەسێك بوی هەبوو بێتە ناو پولەکەوە. بویس دەیویست ئەکادیمی لەو داخراویەیی کە تەنها بو هونەرمەندانە بەرەو ناو خەڵك بکاتەوە, لە ١٩٦٧ پولەکەی بویس ئەبیتە سەنتەری قوتابیانی نیونەتەوەیی(APO) وە هەر لە ساڵی ١٩٦٧ دا حزبی قوتابیان دادەمەزرینیت, وە هەوڵ دەدەن زانکو وەك دامزراوەیەکی سەربەخو لەنا کۆمەڵگادا کاربکات وەك شوێنێکی کراوەبیت بۆ هەموو کەسێك و نەك بە تەنها بو نوخبەیەکی هونەری. ئەم چالاکیانەی بویس کاریگریەکی زۆری کردە سەر دۆخی ئەو ساتەی ئەکادیمیای دوسلدۆرف, بویە لە ساڵی ١٩٧٢ لە زانکو دەردەکریت, کاتی کە هەموو قوتابیەك لە پولەکەیدا وەردەگریت, چونکە لا بویس هیچ پیوەریك نیە کە بتوانێت کەسی داهینەر لە کەسیکی دی جیابکاتەوە "هەموو کەسیك هونەرمەندە"

بویس کاری هونەری لە ناو پیوەندی کەسکاندا ئەبینیتەوە وە هونەر وەك کۆمۆنیکەیشن لە نیوان توانای تاکەکانی ناو کۆمەڵگە دەبیندرێت, هونەرمەند دەبیت شوینیك بو ئەو بەریەك کەوتنە دروستبکات وە پیوەندی لە نیوان شتەکان بدوزیتەوە بەڵام ئە پەیوەندیانە بە تەنها لەنوا جیهانی هونەردا نین بڵکو ئەزمونی کەسەکان لە ناو ژیانی ڕۆژانە, ئەفسانە, زانینی خەڵك ئەبنە ماتیریالی هونەری نەك بەتەنها ئەو تیوریە ئەکادمییەی ناو میژوی هونەر خویدا. رەخنەکەی بویس لە سیستەمی هونەریی مودیرن ئەوەیە کە هونەر وەك سیستەمیکی داخراو ماوەتەوە, هونەر دووبارە بەرهەمهینانەوەی ماناکانی ناو سیستیمی خۆیەتی, لە کیشە رۆژانەیەکان دابراوە هیچ کاریگەرییەکی راستەوخوی لە سەر ژیان نەماوە.

یەکیك لەو هونەرمەندە دیارانەی هەفتاکان کە لە دوای بویسەوە کاریگەریەکی گەورەی هەبیت بە سەر رەخنە لە سیستەمی هونەری بە تایبەتی موزەخانە, مارسیل بروتارس(Marcel Broodthaers ) ە کە لەساڵی ١٩٧٢ لە پێشەنگایەکدا بەناوی " داڵی ئولیگوزین تا ئەمرۆ"(Der Adler vom Oligozän bis heute). بروتارس لەم پێشەنگایەدا ٢٨٥ کەرەسەی لە سەر داڵ لە ناو بەشە جیاوازەکانی مۆزەخانەی میژووی هونەری, ئارکۆلۆگی, ئیتنولوژی وە چەند شوێنێکی تر کۆ دەکاتەوە, ئەم کەرەستانە بە تەنها وینەنین بەڵکو لە دوکومینتەوە تا سمبۆلی ناسیۆنالستی یان کەرەستەی سروشتی داڵ خوی پێکهاتوون. وە لە ژێر هەمو کەرەستەیەکەوە نوسرایك هەیە "ئەمە کاری هونەری نییە" لەو رێییەوە بینەر ئەو کەرەستانە وەك ئوبێەکتێکی بەهاداری ناو مۆزەخانە نابینیت کە لە پیشت هەر کەرەسەیەکەوە جەند مانایەکی چەسپاو و نەگۆر دەبینریت.
بروتارس ئەیەویت پەیوەندی نێوان کەرەستەکان و ئەو مانایەی کە لە رێی ئەو دامەزاوەی لە پشتیەوە ( موزەخانە) پێی دەبەخشیت, لەیەکداببریت. چونکە بۆ بروتارس موزەخانەکان هەلگری مانایی کایە کلتوریەکانن, ئەو پارێزگاریکردنە هەموکات پاریزگاریکردنیشە لە سیستێمی ئەو دەسەڵاتەی کە ئەو مانایانە دووبارەبەرهەم دێنیتەوە, برۆتارس موزەخانە وەك ستروکتوریك بو دەسەڵات دەبیتێت کە لەوێوە دەسەڵات پارێزگاری لە ماناکانی خۆی دەکات و خۆی بەرهەمدینێتەوە.
بروتارس وەك میشیل فوکو ئە گەریتەوە ناو کایە کولتوریەکان, وە ئەو مانا مێژویەی کەپیدراوە

هەلدەوەشینیتەوە وە پیوەندی ناو کایە کلتوریەکان و وسیستەمی دەسەڵات دەردەخات, بروتارس ئەچیتە ناو واقع, مانا چەسپاوەکانی ناو واقع لە یەك دائەبریت, لە ریی( فیکشنێکەوە) کە بەو کەرەستانە دروستی دەکات خودی زانین بەرەو دوخێکی نا ئاراتەسەگی دەبات, نەك بە دوای ئدینتیتیکدا بگەرێ و واقع هومەگین بکات و لە دوخیکدادیارکراودا بیوەستینێت.

ئەتواتین چەند خاڵی گرنگی رەخنەی هونەری لەسالأنی ٦٠ و ٧٠ کانەوە بە شیوەیەکی گشتی دەستنیشان بکەین.
یەکەمیان : هەڵوەشاندنەوەی ئەو میژویی ئیستێتیکەی هونەری خورئاوایەی کە لە ئەنتیکەوە تا هونەری مۆدیرن سەرچاوەی گرتووە, خوی وەك هونەریکی ئونیڤیرزال دەبینیت.
دووهەم: هەڵوەشاندنەوەی وێنەی هونەرمەند وەك ئەفراندەریك(خالق) کە راستیەکان بەرهەم دینیت, چونکە هەموو کەسیك لە سروشتەوە توانای ئەفراندنی هەیە.
سێهەم: هونەر وەك سیستەمێکی ئوتونۆم لەناو کۆمەڵگادا کارناکات , بەڵکو بەرهەمهینانی هونەر پەیوەستە بەو سیستەمە کلتوری, سیاسی و ئابوری وە ئەو کونتیکسەی کە کاریتیدادەکات.
چوارهەم: کاری هونەری پرۆسەیەکی داخراو یان راستیەکی بەرهەم ناهێنیت, بەڵکو هونەرمەند وەك ڵیکوڵەرەوەیەك بەناو کیشەکاندا ئەگەریی و لە ناو جیاوازیەکاندا پەیوەندیەکان دەردەخات, هونەرمەند راستیەکی تر لەریی کارەکەیەوە بۆ واقع دروست ناکات, بەڵکو راستیە رەهاکانی ناو واقع هەڵ ئەوەشینیتەوە و وە هەموجار شوینك بو بینەر دوست دەکات کەواقعی خوی لەناو پەیوەندی جیاوازی تردا ببینیتەوە.
.

Claude Lévi-Strauss: Das wilde Denken. Suhrkamp, Frankfurt am Main 1968: S. 25 -١

*Peter Weibel, Die Diskurse von Kunst und Macht: Foucault, in: Peter* -٢

*,Gente (Hrsg.), Foucault und die Künste, Frankfurt 2004*

Andrž Breton, Erstes Manifest des Surrealismus, in: Metken, Gu□nter ٣
(Hrsg.), Als die Surrealisten noch recht hatten. Texte und Dokumente,
Stuttgart 1976, S.21-50

Klengel, S. 39 -٤

Peter Weibel, Kontextkunst. Zur sozialen Konstruktion von Kunst, in:-٥
Vorwort, in: ders. (1994), S. XIII